# ئەو هەستەی کە نامرێ  ئەحمەد دەشتی



ئەی ڕەهایی و غوربەتی ژین
ئەی ئازارو ئاسوودە بوون
هیوای ڕوونی شەوی تار و
ڕەنج و خەمی ڕۆژگاری دوون
ئەی ئارەزووی گەش بینیی و
ناشرینی ڕەشبینی بوون
ساتەکانی سەربەرزیی و
ڕێی خەباتی ڕزگاری بوون
تەم و هەورو ڕۆشنایی ژین
هیوای بەرزی ڕێی وەلات و
ژێر دەستەیی و چەوساوەبوون
من دەزانم بەرزی چیەو
سەر شۆڕیە نزمی هەبوون
بۆیە لە ڕێی نیشتمانم
گەلێ ڕەنج و نەهامەتیم
لەم ژینەدا بوونە هاودەم
بوونە یاری برینان و
بووم بە هاوڕێی ئازارو خەم
لە گەل ئەوەش
وا هەمیشە بەرزی ژیان
ئاگر لە دڵم دەکاتەوە و
بینای چاوم لێ ڕوون دەکا
لەو کەنارە پڕ گریانە
لەو خەرەندە پڕ هاوارە
ئاواتەکان  دەبینم و
زامی دووریم هەتوان دەکەن

www.kurdistannet.org

ئەم غوربەت و بێ نەواییەم
لێ دوور دەکەن
بۆیە توانیم گشت نامۆیی و
سەخت بینی ساڵەهای ساڵ
لە ناو  دەروون حەشار بدەم
چی ئازارە لە جەستەما لولیان دەم و
ڕووی گەشبینیم وەسەر بخەم
هەرچەند کەوا بەفری سپیش
لە سەر دۆندو گشت بناروترۆپکانم
ئاوێزانن و پشویان بڕیم
لە گەل ئەوەش گەشبینی من
گشت دەروازەی خەم دادەخا و
ڕەشبینی بوون لە چاڵ دەنێ
دەرگای ڕەشی بێ هیواییم
سەربەرزانە گالە دەدا و
چی ڕوئیایە بەرز دەبن
ئاواتی دڵ پەپووی خەمم گشت وێل دەکاو
تەرمەکانی ئەم غوربەتەم
لەو بەرزاییە هەل دەدێرێ و
هەنجن هەنجن بێ مرادی لە خاک دەنێ
لە گشت دەمێ بیرۆکەی شاد
لە خەیاڵ و ژانی دڵی برینیشم
پەرواز پەرواز  ڕوو لە  ترۆپکی
سەربەخۆیی خاکم دەکاو
چەوساوەییم دەبرێتەوە
دوا ڕۆژی بێ گرین و
خۆرەتاوی سەربەخۆییم

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

له ئاسمانان دێنه دەرێ و
هیواکانم له گشت ساتێ گەشتر دەبن
زۆر له مێژه من دەزانم
که ڕۆژێ دێ شەوه زەنگمان دەبڕێتەوه
خۆری ڕوونی کوردەواریش
له ئاسمانی کوردستانم هەلدێتەوه و
ڕەنج و ئازار بۆ هەمیشه دەسڕێتەوه
دەستی نەحس و خەفەت
له وەلاتی شیرینی من
بۆ هەتایه دەبڕێتەوه

* به یادی ڕەنج و ئازارەکانی دەربەدەری و کوردستانی ئازیزم

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org